**** دەمەوێ ****

رزگار حەسەن

کوردم و کورد دەبم، هەر کوردم دەوێ
بەشار و دێهات و لاڕێت، خاکتم دەوێ

بە عەشیرەت و شاریت
بە جاهیل و ئەقڵدارت
هەر کوردستانم دەوێ

بە شاعیر و دکتۆرت
بە شوان و پاسەوانت
هەر کوردستانم دەوێ

بە جاش و تێکۆشەرت
بە داماو و دەوڵەمەنت
هەر کوردستانم دەوێ

بە ئاوازی ئەی ڕەقیب و دەمی ڕاپەڕینت
بە پیرەمێرد و مەم و زین و شەرەفخانت
هەر کوردستانم دەوێ

لێت تێنەگەم و بە زمانی بێگانە بدوێ، هەر کوردم دەوێ
بە فارسی و عەرەبی و تورکی بپەیڤێ، هەر کوردم دەوێ

کوردم دەوێ چونکە سەر بە یەک عەشرەتین
کوردم دەوێ چونکە سەر بە یەک کارەساتین

من بەشێک لە مرۆڤایەتی و تۆش بەشێ لە گەردون
فەلسەفە و بیری ئەوانیش هەروەها من تۆی گرتون

ئەوینی تۆ بۆ من و ئەشقی من بۆ تۆ
وا ناشیرینی خۆم کرد بە قوربانی تۆ

وەک ئاوێنە، دەهاتمە سەر گۆمت بۆ بینینی جوانی خۆم
کەچی تۆ هێشتا پێت دەگوتم تۆ جوان نیت من جوانم